# زمان و جەستە و جیهانبینی

د.هیوا عەساف
(زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە/ شەقلاوە)

## زمان و جیهانبینیی کۆمەڵ

زاراوەی جیهانبینی لە زمانی کوردیدا لە بەرانبەر زاراوەی (النظرة إلى العالم)ی زمانی عەرەبی و (Worldview)ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت. زاراوەکە بە پلە یەک لە بواری فەلسەفەدا بەکارهاتووە، هەروەها لە بواری ئایینی، ئەنترۆپۆلۆجی، ئەدەبناسی و زۆر بواری دی بەکاردێت. بەگشتی (جیهانبینی) تێڕوانینی تاک و کۆمەڵ سەبارەت بە خۆی و دەوروبەری، چەمک و پێناسەی بوون و دیاردە جیاوازەکان لەلای مرۆڤ دەگرێتەوە.

زاراوەی (Worldview) وەرگێڕاوی زاراوەی (Wetanschauung)ی ئەڵمانییە، کە بۆ یەکەم جار لەلایەن (ئیمانوێل کانت، ١٧٢٤- ١٨٠٤) ـەوە بەکارهاتووە، پاشان زاراوەکە لە زۆر بواردا بەکارهێنراوە، لە پێناسەیەکدا ئاماژە بەوە کراوە کە جیهانبینی ئەو ڕوانگە بنەڕەتییەیە، مرۆڤ لێوەی هەموو پرسێکی ژیان دەخاتەڕوو، یان کۆمەڵێک هەڵوێست و بەها و چاوەڕوانی سەبارەت بە جیهانی دەوروبەرمان دەگرێتەوە، کە شێوەی هەموو بیرکردنەوە و ڕەفتارێکمان دیاری دەکات. جیهانبینیمان لە ئاکار و ئایین و فەلسەفە و بیروباوەڕماندا بەرجەستە دەبێت. فەیلەسووفی کەنەدی (جەیمس لویس) دەڵێت؛ جیهانبینی چوارچێوە، یان کۆمەڵێک بیروباوەڕی بنەڕەتییە، لە ڕوانگەیەوە سەیری جیهان و پەیام و داهاتووی خۆمان دەکەین، هەرچەندە جیهانبینی، تاک دەگەیەنێت، بەڵام لە ڕووی پانتایی و پێکهاتە و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەو دیدگەیە لایەنگرانی خۆی پێکەوە دەبەستێتەوە و لە گرووپێکدا کۆیان دەکاتەوە (Sire, 2015, p23-24, 38, 127)، واتە هەر دیدگەیەک سەبارەت بە هەر دیاردەیەک، گرووپێک سازدەکات و لە دەوری خۆی کۆیان دەکاتەوە، بەم پێیە هەر گرووپێک بۆ هەر شت و دیاردەیەک، کە بیناسن، دیدگەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بە (جیهانبینیی کۆمەڵ) ناودەبرێت.

مەبەست لە جیهانبینیی کۆمەڵ، بیروباوەڕ و خوێندنەوەی زۆرینەی کۆمەڵە لەسەر شت و دیاردە جیاوازەکان. بناغەی ئەو باوەڕەش لە سەرەتای

تەمەندا دادەنرێت. منداڵ لە کۆمەڵدا باوەڕ بە هەموو ئەو شتانە دەهێنێت، کە گەورەکان دەیڵێن، بە گشتی لەگەڵیاندا هاوڕادەبن و بیروباوەڕیان تەواوی خەونی ژیانیان کۆنترۆڵ دەکات. منداڵ لە دوای فێربوونی زمان، لە ڕێگەی دەوروبەرەوە ئاراستەدەکرێت، کە چۆن بژیت، پێی دەگوترێت چ جۆرە هەڵسوکەوتێک پەسەندە، واتە ئێمە بەگشتی تێڕوانین و بڕیارمان سەبارەت بە کەس و دەوروبەر و خۆمان لەسەر ئەو بنەمایە دیاری دەکەین، تا دەگات بە قۆناغێک، دەبین بە کۆپیی باوەڕەکانی باوان و کۆمەڵگە و ئایین (دۆن میگێل، ٢٠١٨، ل٢٤-٢٧)، واتە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکیی بیروباوەڕمان دەوروبەرمانە، ئەمەش لە منداڵییەوە بێ ویستی خۆمان بناغەی بۆ دادەنرێت، دواتریش بە ویستی خۆمان دەتوانین سەرچاوەی ئیلهامەکان لە دایک و باوک و خەڵکی دەوروبەر و کۆڵانەوە بۆ کتێبی ئاسمانی، یان مرۆیی (زانست و فەلەسەفە و مێژوو و ...تاد)، یان مامۆستا و زانا و کەسی هەڵبژاردەی خۆمان بگۆڕین، بەمەش دەتوانین ئاراستەی بیرکردنەوە و جیهانبینیمان بگۆڕین، هەرچەندە لەوە بەدواوەش هەر سرووش (ئیلهام) لە دەوروبەر وەردەگرین، بەڵام خۆمان لە ئاراستەی بیرکردنەوەمان بەشداردەبین و بڕیاردەدەین لە کێ وەربگرین.

بەم پێیە، سەرچاوەی سەرەکی جیهانبینیی کۆمەڵ، مێژووی بیرکردنەوەی نەوەکانی پێشووە، پاشان بریتییە لە ئەزموون و بیرکردنەوەی خۆمان. بیرکردنەوەی پێشینانیش لە شێوەی مەعریفە، یان ئیمان، بە نووسراو، یان گوتراو (زمان)، یان کەرەستەی ماددیی دروستکراو بە نەوەکانی دوای خۆیان دەگات. لێرەدا ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە و جێی باسە، دەستاودەستکردنی ئەو جیهانبینییەیە لە ڕێگەی زمانەوە.

ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو کۆمەڵێک ڕەفتاری هاوبەشیان هەیە، هەروەها بیرکردنەوەی هاوبەشیان هەیە، کە بە (بیرکردنەوەی کۆمەڵ) ناودەبرێت (م.م.لویس، ٢٠٠٣، ص١٢٢)، واتە مرۆڤ کە دەبێتە ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی (خێزان، خەڵکی گەڕەک، هاوپیشەکان، نەتەوە) بەهۆی کارلێککردنیان لەگەڵ ئەندامانی هەمان گرووپ، ڕێگەی هاوبەشیان بۆ تێڕوانین لە جیهان هەیە. هەڵوێست و بیروباوەڕ و بەها باوەکان لە شێوازی بەکارهێنانی زماندا ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە ئایا ئەندامانی گرووپ و کۆمەڵەکە چی بۆ گوتن هەڵدەبژێرن و چۆن دەیڵێن. بەم شێوەیە بێجگە لە چەمکی (کۆمەڵگەی زمانی)، دەتوانین باس لە (کۆمەڵگەی گوتاری) یش بکەین، کە ڕێگە باوەکانی بەکارهێنانی زمان لە ناو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا دەگرێتەوە (Kramsch, 2009, p6).

## جیهانبینی و ناوی ئەندامانی جەستە

جیهانبینیی هەر کۆمەڵگەیەک بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵگە، بەو پێیەی کولتوور ((شێوازی خەڵک، یان گرووپێکی دیاریکراوە لە ژیان و تێڕوانینیان بۆ ژیان. زانین و دابونەریت و هونەر و شێوازی ڕەفتاریان دەگرێتەوە)) (محمد حسن، ١٩٩٠، ل٩٣)، واتە ڕەفتار و بیرکردنەوە و جیهانبینی و شارستانیەتی گەلان دەگرێتەوە. کولتوور پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ زماندا هەیە، چونکە زمان هۆکاری سەرەکی بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، لە بەکارهێنانیشیدا لە زۆر لایەنەوە بە کولتوورەوە بەستراوەتەوە. بیروباوەڕ و جیهانبینیی تاکەکان لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوجا چ لە پێکهاتەی دەنگی بێت (فۆرم)، یان نادەنگی (واتا)، هەروەها زمان سیستمێکی هێماییە، کە هێماکان هەڵگری بەهای کولتوورین. لە کاتی بەکارهێنانی زمانیشدا تاکەکان گوزارشت لە ناسنامەی کەسیی خۆیان و کەتوار (واقیع)ی کولتووریی

خۆیان دەکەن ((Claire Kramsch, 2009, p3). ڕەگەزەکانی کولتوور زۆرن، وەک هونەر، ئەدەب، زمان، بیر، ئایین، ئەفسانە، دابونەریت، یاسای کۆمەڵایەتی، جلوبەرگ، خانوو ... تاد. بەم پێیە ئەو ڕەگەزانەی کە جیهانبینی هەر کۆمەڵگەیەک دیاری دەکەن، زۆر و جۆراوجۆرن، لە ناویاندا زمان و ئەدەب، بۆیە کۆمەڵێک ژانری وەک ئەدەبی فۆلکلۆری، پەند، هونەر.. دەتوانن ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنن، بێجگە لەوانە (ئیدیۆم) یش دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت.

واتای ئیدیۆم وابەستەی کولتوور و ڕێککەوتنە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، چونکە ڕێککەوتنی دووەم لەسەر واتای فۆرمەکە کراوە و واتاکەی بە کۆی واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانی یەکسان نییە، بەهۆی ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە ئیدیۆم پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ دەوروبەر، لەناو ئەوانەشدا دەوروبەری کولتووری، بۆیە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان کولتوور و ئیدیۆمدا هەیە، بەجۆرێک ((ئیدیۆم ئاوێنەی کولتوور و ڕۆشنبیریی میللەتانە)) (شیلان عومەر، ٢٠٠٩، ل٦٧). بەم جۆرە کولتووری مەعنەوی و جیهانبینیی کۆمەڵ لە ئیدیۆمدا بەرجەستە دەبن و دەتوانرێت لە ئیدیۆمدا سۆراغیان بکرێت. ناوی ئەندامانی جەستە بە ڕادەیەکی زۆر لە دروستکردنی ئیدیۆمدا ڕۆڵ دەبینن.

ناوی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ ڕۆژانە بۆ باسوخواسی مرۆڤ و ئەندامانی جەستە و ڕەوشت و تایبەتمەندیی جیاوازی مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێن، هەروەها لە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری کەرەستەی تری زمانیدا بەشداری دەکەن و واتای نوێ دەهێننەئاراوە، بەتایبەتی لە فۆرمی ئیدیۆمدا. بەشێکیان واتای هۆشەکیی ئاساییان هەیە، هەندێکیشان لە هەندێک بارودۆخدا واتای بارکراو دەبەخشن، زۆر لە ناوەکان هەڵگری بەهای کولتووریی جیاوازن، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لە بەهای هەر ئەندامێکی جەستە لە کولتووری کوردیدا.

لەنێوان ئەندامانی جەستەی مرۆڤدا لە ڕووی گرنگی و ڕێژەی بەکارهێنانەوە جیاوازی هەیە؛ لەگەڵ ئەوەدا هەموو ئەندامان گرنگن، بەڵام ڕادەی گرنگییان جیاوازە، بۆیە دەتوانین ناوی ئەندامانی جەستە لە ڕووی گرنگییەوە بکەین بە دوو دەستەوە، (پێویستەکان) و (گرنگەکان). پێویستەکان ئەوانەن، کە بێ هەبوونیان مرۆڤ ناژیت، وەک: دڵ، سەر، گەدە.. تاد. گرنگەکان ئەوانەن، کە هەبوونیان بۆ جەستە و بۆ گوزەران گرنگە، بەڵام بە نەبوونیشیان مرۆڤ دەژیت، ئەگەر بە نادروستی، یان ناخۆشی، یان ماوەیەکی کەمتریش بێت، وەک: چاو، دەست، ددان، زراو...تاد. ئەم جیاوازییە لە گرنگیدا کاریگەریی لەسەر بەهای هەریەک لە ئەندامەکان و ڕێژە و چۆنیەتی بەکارهێنان و بەشدارپێکردنی لە کەرەستەی زمانیی تردا، هەروەها بارکردنی واتا لەو کەرەستە نوێیانە هەبووە. لێرەدا چەند خاڵێک لەبارەی بەهای هەندێک لە ئەندامانی جەستە لە کولتووری کوردیدا، مەعریفە و تێگەیشتنی کۆمەڵگە، واتە جیهانبینیی کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بەو ئەندامانە لە ڕێگەی واتا و بەکارهێنانی ناوەکانیانەوە دەخەینەڕوو:

١ - لە کولتووری کوردیدا، لەنێوان دوو جەمسەری (قاچ) و (سەر)دا تا بەرەو سەرەوە برۆیت بەهای ئەندامەکان زۆرتر دەبن. بەگشتی ئەو ئەندامانەی لەشی مرۆڤ کە دەکەونە لای سەرەوە (وەک سەر، چاو، ڕوو..) بە بەهاترن لەو ئەندامانەی دەکەونە لای خوار و دامێنی مرۆڤەوە (وەک قاچ، زگ، ئەندامانی زاوزێ...).

ڕەنگە ئەم تێڕوانینە لەنێوان زۆر لە میللەتانی جیهاندا هاوبەش بێت؛ ئەوەتا (میشێل فوکوو)

لــە بابەتــی بەراوردکاریــی نێــوان شــتەکاندا دەڵێــت ((ئالدرۆڤانــدی(١) بەشــی خــوارەوەی مرۆڤــی بەراوردکــردووە بــە لایەنــە نزمەکــەی جیهــان، بــە دۆزەخ، بــە تاریکیــی دۆزەخ، بــە گیانــە نەفرەتلێکراوەکان، کە پاشــەڕۆی جیهانــن)) (میشــێل فوکــوو، ٢٠١٦، ل٧٩ -٨٠).

بــە بــاوەڕی ئەفلاتوونیــش ســێ پاڵنــەر لــە پشــت ڕەفتارەکانــی مرۆڤــەوەن، ئەوانیــش (ئــارەزوو، ســۆز، مەعریفــە)ن. ئــارەزوو شــەهوەت دەگرێتــەوە، ســۆز هەڵچوونــە و لــە دڵدایــە، مەعریفە هێزی عەقڵــە و لــە بیردایــە (وێــل دۆرانــت، ؟، ل٦٤). بــەلای ئەفلاتوونــەوە (داناکان) خــاوەن عەقــڵ و مەعریفــەن و لــە ســەرووی ئەوانــی تــرەوەن، ئەوانەشــی دوای ئــارەزوو کەوتــوون، پلەیــان لــە هەموویــان نزمتــرە. ئــەم پۆلینــە بــە شــێوەیەک پۆلینیشــە بــۆ ئەندامانــی جەســتە، لــە ڕووی گرنگییــەوە. لــە پۆلینەکــەدا ئەندامانــی ســەرتر بــە بەهاتــرن لــە ئەندامانــی خوارتــر. عەقــڵ لــە ســەردا گرنگتــرە لــە دڵ لــە ســینگدا، ئەویــش لــە گــەدە و ئەندامانــی ســێکس لــە خوارتــردا گرنگتــرە. بــەم پێیــە هەڵســوکەوت لەســەر بنەمــای عەقــڵ پەســەندترە لــەوەی لەســەر بنەمــای هەڵچــوون و دڵ بێــت. لــە هەمووشــی خراپتــر ئەوەیــە ئــارەزوو و شــەهوەت پاڵنــەری ڕەفتارەکانمــان بــن. بڕیــاردان و نواندنــی ڕەفتــار لەســەر بنەمایەکــی عەقڵانــی، لێکەوتــەی باشــتری دەبێــت لــەوەی لەســەر بنەمــای هەڵچــوون و دڵ بێــت. پاڵنــەری هەڵچــوون و دڵیــش لــە پاڵنــەری ئــارەزوو و شــەهوەت پەســندترە. هــەر لەســەر ئــەو بنەمایــە، ئــارەزوو و شــەهوەت سروشــتی مــرۆڤ بــەرەو سروشــتێکی ئاژەڵــی دەبــەن، زۆرجــار پشتبەســتن پێیــان لێکەوتــەی خراپــی دەبێــت.

لــە ڕووی بایۆلۆجیشــەوە بەگشــتی هەســت بــەوە دەکرێــت لەســەر بنەمــای گرنگییــان، ئەندامەکانــی لەشــی مــرۆڤ لەســەرەوە بــۆ خــوارەوە ڕیزبوونــە، یــان ڕێکخــراون. مێشــک گرنگترین بەشــی لەشــە و چالاکییــە هــزری و فیزیکییەکانــی مــرۆڤ کۆنتــرۆڵ دەکات و بــە مردنــی مێشــک مرۆڤیــش دەمرێــت، بۆیــە لــە ســەرووی هەمــوو ئەندامــەکان و لــە شــوێنێکی پارێــزراو دانــراوە، کــە نــاو کەللەســەری مرۆڤــە، واتــە بــە ئێســکێکی ڕەق دەورەدراوە. ئەندامێکــی وەک دڵیــش، کــە ئەندامێکــی تاکــە و وەک ئەندامــی تــری وەک گورچیلــە جــووت نییــە، بــە مردنــی، مــرۆڤ دەمرێــت، لــە قەفــەزەی ســینگدا پارێــزراوە، بــەڵام ئەندامــی تــری وەک گــەدە و ڕیخۆڵــە و ئەندامــی سێکســی لەچــاو دڵ و مێشــکدا لــە جەســتەدا ئەوەنــدە پارێــزراو نیــن و ئاســانتر زیانیــان پــێ دەگات.

لــە نــاو کــورد و زۆربــەی میللەتانــدا بەگشــتی، بــەرزی، یــان ژوور پەســەندترە لــە نزمــی، یــان خــوار، بۆیە خەڵــک بــۆ پاڕانــەوە لە خــودا دەســت بــۆ ئاســمان بەرزدەکەنــەوە، بــەو پێیــەی بــاوەڕ وایــە (خــودا لــە ئاســمان، یــان لــە بەرزییــە)، لــە نــاو موســوڵماناندا نرخــی کڕنــووش لەوەدایــە، بەرزتریــن شــوێن، کــە ســەرە، دەخرێتــە ســەر زەوی، کــە نزمتریــن شــوێنە. لــە کاتــی نواندنــی ڕێز لــە بۆنــەی میوانداریــدا میــوان دەخرێتــە ژوورووی ماڵــەوە و خــاوەن مــاڵ لــە خــوارەوە دادەنیشــێت.

بەڵگــەی ئــەوەی، کــە ئــەو ئەندامانەی لای ســەرەوەی جەســتە بەنرخترن، لە بەکارهێنانی خودی ئەندامەکان و نــاوی ئەندامــەکان لــە زمانــدا دەدۆزرێتــەوە، بــۆ نموونــە لــە بەکارهێنانــدا لــە بەجێگەیاندنــی ئەرکــی کۆمەڵایەتیــدا، ســڵاو بــە دەســت دەکرێــت، ئەوپــەڕی بێڕێزییــە، ئەگــەر کەســێک پاڵــی دابێتــەوە و بــە بەرزکردنــەوەی قــاچ وەڵامــی ســڵاو بداتــەوە، چونکــە دەســت بەهایەکــی کۆمەڵایەتــی زیاتــری لــە قــاچ هەیــە، بێجگــە لــەوە، ئــەو دەربڕینانــەی خــوارەوە، کــە بــۆ ڕێزگرتــن و بەجێگەیاندنــی ئەرکــی کۆمەڵایەتــی بەکاردێــن، بەڵگــەی پەیڕەوکردنــی ئــەو بیــرەن لــە کۆمەڵگــەی کوردەواریــدا:

ســەر ســەرم، ســەر چــاوم، بەخێربێــن ســەر چــاوم، بــە ســەری تــۆ/ باوکــم، لەســەر ســەرمت

دادەنێـم، پێـڵاوت سـەر سـەرم، پێـڵاوت سـەر چـاوم، پـێ لەسـەر سـەرم دانـێ... تـاد.

٢- لـە ڕیـزی خـوارەی لیسـتی نـاوی ئەندامانـی جەسـتە لـە ڕووی بەهـاوە ئـەو ئەندامانـە هـەن، کـە تابـوون (Taboo words). هەندێـک لـە نـاوی ئەندامانـی جەسـتە تابـوو بوونـە و ڕاسـتەوخۆ ناویـان ناهێنرێـت، ئەمـەش زیاتـر ئەندامانـی جەسـتەی تایبـەت بـە سـێکس و ئەندامانـی نزیـک لـەوان دەگرێتـەوە، وەک (کێـر، قـوز، گـون، قـوون، سـمت، مەمـک، ڕان، بـەر)، بـۆ ئافرەتـان ناوهێنانـی ئەندامـی نزیـک لەوانـەش وەک (نـاوک، سـک)یش بـە گونجـاو دانانرێـت، ئەمانـەش ئـەو ئەندامانـەن، کـە تایبەتن بە (ئارەزوو و شـەهوەت) و زیاتـر دەکەونـە لای خـوارەوەی جەسـتەی مـرۆڤ. بێجگـە لـە ئەندامانـی تایبـەت بـە سـێکس لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا هەندێـک ئەنـدام بەهـۆی کەمیـی نـرخ و بەهایـەوە تابـوو بـووە، بۆیـە هێنانـە پێشـەوەی لـە مەجلیسـدا، یـان ناوهێنانـی بـە گونجـاو دانانرێـت، وەک (قـاچ)، لەبەرئـەوە کاتێـک کەسـێک لـە پێـش چـاوی خەڵـک قاچـی ڕابکێشـێت، هەسـت بـە شـەرمەزاری دەکات و داوای مۆڵـەت دەکات، یـان لەگـەڵ ناوهێنانیـدا دەربڕێنـی وەک (عەیـب نەبـێ، بیـلا مەعنـا، دوور لـە ڕووی ئێـوە) بەکاردێنێـت.

٣- وەک لـە سـەرەوە باسـکرا، (سـەر) ئەندامێکـی بـە بەهـای جەسـتەی مرۆڤـە، ئەمـەش ڕەنگـە بەهـۆی ئـەوەوە بێـت، دەکەوێتـە سـەرووی هەمـوو ئەندامانـەوە، یـان لەبەرئـەوە بێـت، کـە ئەندامێکـی پێویسـتی جەسـتەیە و گوزارشـتە لـە خـودی مـرۆڤ، چونکـە پێناسـەی مرۆڤـە. لەکاتێکـدا (سـەر) بەشـێکە لـە جەسـتە و وێنـەی مـرۆڤ، بـەڵام بـە شـێوەی خـوازە و بـە ناوهێنانـی (بـەش) بـۆ (گشـت)، ناوەکـە لەبـری کەس (تـاک) بەکاردەهێنرێـت، بۆیـە لـە کوردەواریـدا سـەر بـە واتـای تـاک، یـان مـرۆڤ دێـت، بـۆ نموونـە دەگوترێـت (ئێـوە چەنـد سـەر خێزانـن؟).

لـە ڕووی بایۆلۆجـی و بەکارهێنانـەوە مـرۆڤ بـە هـۆی سـەر و ئـەو ئەندامانـەی بەشـێکن لـە سـەر دەناسـرێتەوە، واتـە ئەگـەر بتەوێـت یەکێـک بناسـیتەوە، دەبێـت سـەر و ڕووی ببینیـت. سـەر یەکێکـە لـە ئەندامـە هـەرە سـەرەکییەکانی جەسـتە، بـە جۆرێـک بـە جیاکردنـەوەی سـەر لـە لاشـە، مـرۆڤ دەمرێـت، بـەڵام مـەرج نییـە ئەمـە بـۆ هەمـوو ئەندامانـی جەسـتە ڕاسـت بێـت، بـۆ نموونـە یەکێـک قۆڵـی لـێ بکرێتـەوە، یـان قاچـی ببڕێتـەوە، مـەرج نییـە بمرێـت. بەشـێکی زۆری جوانیـی مـرۆڤ بـە جوانـی بەشـەکانی (سـەر)ەوە بەسـتراوەتەوە، هەروەهـا کەسـایەتیی مرۆڤیـش لـە سـەردا دەخوێنرێتـەوە. لـە نـاو پێنـج هەسـتەکەی مرۆڤـدا، چواریـان بـە تەنیـا لـە بەشـی سـەرەوە، بـە تایبەتـی لـە ئەندامـی (سـەر)دا بەرجەسـتە دەبـن، تەنیـا هەسـتی (بەرکەوتـن) بـە هەمـوو بەشـەکانی جەسـتە و هەمـوو ئەندامانـی جەسـتە تاقـی دەکرێتـەوە.

سـەر یەکێکـە لـەو ئەندامانـەی لـە زمانـی کوردیـدا ژمارەیەکـی زۆر کەرەسـتەی زمانیـی تـری لـێ دروسـتدەکرێت، ئـەو کەرەسـتانەش واتـای جیاجیایـان هەیـە و بـۆ مەبەسـتی جیاجیـا بەکاردەهێنرێن، ڕەنگـە ئەمـەش بەهـۆی گرنگیـی ئـەم ئەندامـەوە بـۆ ژیـان و مانـی مـرۆڤ، هەروەهـا بـۆ ناسـین و پێوەندیـی کۆمەڵایەتـی بێـت.

زۆرجـار لـە ڕێـی وەسـفی (سەر)ـەوە لـە پێکهاتـەی ئیدیۆمـدا وەسـفی خـودی مـرۆڤ دەکرێـت، هەڵوێسـت و پایـە و ڕادەی لێهاتوویـی کەسـەکە دیـاری دەکرێـت، وەک لـە (سـەربەرز، سـەربڵند، سەرشـۆڕ، سـەرکز، سـەرچەوت، سەرڕاسـت، سەرسـەخت، سەرشـێت، سـەرژنانی، سەرسـواڵکەر، سـەرکەش، سـەرەخۆرە)دا دیـارە، هەروەهـا لەبـەر گرنگـی ئـەو ئەندامـە زۆرجـار سوێندی پـێ دەخورێـت، وەک (بـە سـەری تـۆ، چیتـر واناکـەم..)، هـەر بەهـۆی گرنگیـی سـەرەوە دەگوترێـت (لـە دەوری سـەرت گەڕێـم)، ناگوترێـت (لـە دەوری

قاچت/ دەستت.. گەڕێم)، یان دەگوترێت (سەرم لە ڕێتە)، ناگوترێت (دەستم/ قاچم/.. لە ڕێتە)، خۆ دەشکرێت مرۆڤ ئامادەیی خۆی پیشان بدات، کە (دەست/ قاچ)ی بخاتە خزمەتی کەسێکی ترەوە و بیکاتە قوربانی.

٤- لە کوردەواریدا زۆر جار لەبری مێشک، (دڵ) بە مەڵبەندی بڕیار، یان ئەندامی سەرەکیی لەش دانراوە. کاتێک یەکێک لە بیری خۆیدا خۆی بدوێنێت، دەڵێت (لە دڵی خۆمدا گوتم...)، یان دەگوترێت (دڵم دەڵێ وا بکە)... تاد، واتە دڵ بە شوێنی بیرکردنەوە و شوێنی دەروون دانراوە. بابەتی بیرکردنەوە بە دڵ لە قورئانیشدا هاتووە، وەک لە سوورەتی (الحج) ئایەتی (٤٦)دا دەڵێت (افلم يسيروا في الأرض فتكون لهم قلوب يعقلون بها او آذان يسمعون بها....)، واتە (ئایا ئەوانە بەسەر زەویدا نەڕۆیشتوون بە دڵ بیربکەنەوە، یان بە گوێ ببیستن...؟)، هەروەها لە سوورەتی (الأعراف) ئایەتی (١٧٩)دا دەڵێت (ولقد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجن والإنس لهم قلوب لا يفقهون بها ولهم اعين لا يبصرون بها...)، واتە (بێگومان ئێمە زۆر لە پەری و ئادەمیزادمان بۆ دۆزەخ دروست کردووە، ئەوانە دەزگای دڵیان هەیە، کەچی پێی تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی پێی نابینن...).

لە جیهانبینیی کورددا هەست و هەڵچوونەکان پێوندییان بە (دڵ)ـەوە هەیە و کاری تێ دەکەن، وەک لەم ئیدیۆمانەدا دەردەکەوێت (دڵخۆش، دڵتەنگ، دڵگران، دڵشکان، دڵگیران، دڵڕەنجان، دڵدانەوە، دڵپڕ، دڵداخورپان، دڵنیا، دڵەڕاوکێ، دڵتوند،..)، هەروەها بەپێی هەندێک ئیدیۆم هەندێک نەساغی پێوەندییان بە دڵەوە هەیە، وەک (دڵتێکچوون، دڵپڕ(گەدەپڕ)، دڵبوورانەوە، دڵەکزە، دڵەکوتێ، دڵلەرزین...).

هەندێک سیفەت و ئاکاری مرۆڤ لە ڕێی وەسفی (دڵ)ـەوە پیشان دەدرێن، وەک (دڵپاک، دڵساف، دڵنەرم، دڵسۆز، دڵپیس، دڵڕەق، دڵڕەش، بێدڵ، دڵبرین، دڵمردوو ...). بەم پێیە کورد لە هەناودا زۆرتر دڵ و جەرگی ناسیوە، لەچاو هەندێک ئەندامی وەک گەدە و گورچیلە، بۆ نموونە هەندێک بارودۆخی تەندروستی وەک (دڵتێکچوون و دڵپڕی و دڵەکزە و دڵبەیەکداهاتن..) پێوەندیی بە گەدەوە هەیە، کەچی بە بارودۆخی (دڵ) دانراون. لە کوردەواریدا ئەگەر کەسێک ئێشی گەدەی هەبێت، ناوچەی ناوەڕاستی نێوان سک و سینگ دیاری دەکات و دەڵێت (سەر دڵم دێشێ)، لە کاتێکدا دڵ لای چەپە و ئەو ناوچەیە گەدەیە، هەروەها بەباشیش (گورچیلە)ی نەناسیوە، بۆ ژانی گورچیلە گوتوویەتی (قەبرغەم/ کەلەکەم دێشێت).

٥- لە کوردەواریدا (جەرگ) بە شوێنی سۆز و بەزەیی دانراوە، بۆیە کاتێک یەکێک بەزەیی بە یەکێکدا بێتەوە، کە لە بارودۆخێکی خراپدابێت، دەڵێت (جەرگم بۆی هێشا، یان جەرگم بۆی دەرهات...)، هەروەها (منداڵ) بۆ باوان بە جەرگ دادەنرێت، بۆ نموونە، یەکێک منداڵی بمرێت، دەڵێن (جەرگی سووتا)، یان دایک و باوک بە منداڵی خۆیان دەڵێن (جگەرگۆشە)، یان (جەرگ)، وەک ئەوەی دەڵێن (هێشتا جەرگی خۆت نەبینیوە)، لە ناو ئەندامە بە بەهاکانی جەستەی مرۆڤدا لە بەشی هەناودا (جەرگ و دڵ) لە دیدی تاکەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دوو ئەندامی زۆر بەنرخن، لەبەر ئەوەیە یەکێک لە واتاکانی (جەرگ) منداڵە. وشەکانی (جەرگ) و (دڵ)یش بۆ کەسی خۆشەویست دەخوازرێن، بۆیە دەگوترێت (جەرگم، دڵم، جەرگ و دڵم، جەرگەکەم..تاد).

٦- (دەست) ئەندامێکی زۆر کارای جەستەی مرۆڤە، مرۆڤ زۆربەی کارەکان بەهۆی دەستەوە دەکات، بۆیە لە ڕێگەی وەسفکردنی دەستەوە لە پێکهاتەی ژمارەیەکی زۆری ئیدیۆمدا ڕادەی

توانایی مرۆڤ لە ڕووی ماددی، یان دەسەڵاتەوە، یان ڕادەی بەخشین لە مرۆڤدا دەستنیشان دەکرێت، بۆ نموونە بۆ کەسی بەدەسەڵات و دەوڵەمەند و بەخشندە دەربڕینی (دەستڕۆیشتوو و دەستکراوە..) بەکاردەهێنرێت، بۆ کەسێک کە پارە بەفیڕۆدەدات (دەستبڵاو)، بۆ کەسی بەخیل (دەستنووقاو)، بۆ کەسی بێکار (دەستبەتاڵ)، بۆ کەسی هەژار (دەستکورت)، بۆ ماڵێک کە ئیشکەریان کەم بێت (کەمدەست) بەکاردەهێنرێت.

٧- (چاو) هێمای پیشاندانی هەست و بیرکردنەوە و دیوی ناوەوەی مرۆڤە، مرۆڤ زۆر جار لە ڕێگەی چاویەوە دەخوێنرێتەوە و مەبەستەکانی دەزانرێت، بۆیە دەگوترێت (لە چاویرا دیارە، کە..). هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئیدیۆمی وەک (چاوپان، چاوحیز، چاومۆن، چاوپووت، چاولەدەر، چاوباشقاڵ، چاوبەرەوژێر، چاوقایم، چاوتێر، چاوبرسی، چاوچنۆک، چاوشۆڕ، چاونەترس...) هەموویان دەرخەری باری دەروونی و دیوەی شاراوەی مرۆڤن. شێوەکانی چاو وەک بەشێک لە زمانی جەستە هەندێک لە هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگەیەنێت، بێ ئەوەی کەسەکە مەبەستی بێت، بۆیە زۆرجار بۆ خوێندنەوەی کەسێک سەیری چاوی دەکرێت و بەپێی مەزەندەی بینەر بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت، کە لە ناخ و دەروونیدایە و کەسەکە بە (چاوحیز، چاومۆن..) ناودەبرێت.

دەڵێن، هێزێکی زۆر تایبەت لەچاودا هەیە، بۆیە هەندێک کەس ئەگەر بەوردی سەیری شتێک بکات، ڕەنگە زیان بە شتەکە بگەیەنێت، لەم بارەشدا بە کەسەکە دەگوترێت (چاوپیس). لە ئایینی ئیسلامیشدا دان بە بوونی (چاوپیسی) و (چاوەزار)دا دەنرێت.

٨- (دەم و زمان)، جگە لە ئەرکە بایۆلۆجییەکەیان لە خواردندا، ئەرکێکی تریشیان هەیە کە بریتییە لە ئاخاوتن، بۆیە ناوی (دەم) و (زمان) چوونەتە پێکهاتەی ئەو وشە و ئیدیۆمانەی، کە بۆ دەرخستنی تایبەتمەندیی مرۆڤ لە ڕووی قسەکردن و بەکارهێنانی زمان و پێوەندیی زمانیدا بەکاردەهێنرێن. مرۆڤ لە ڕێگەی قسەوە بۆ مەبەستی جیاواز پێوەندی دەبەستێت. بۆ بەکارهێنانی زمان بە شێوەی ئەرێنی (دەمپاک، دەمڕاست، زمان شیرین، زمانپاراو...) بەکاردێت. لە پێوەندی و بەکارهێنانی زماندا هەندێک جار زیادەڕۆیی دەکرێت، یان هێرش دەکرێتە سەر بەرانبەر و دەشکێنرێتەوە، یان زیانی پێ دەگەیەنرێت، بۆیە بەو جۆرە کەسانە (دەمدرێژ، دەمهەراش، دەمپیس، دەملێدان، زماندرێژ، زمانلووس، دووزمان..) بەکاردەهێنرێت. ئەو کەسانەی کە زۆر حەز لە پێوەندی و قسەکردن ناکەن، پێیان دەگوترێت (دەمسارد، دەممردوو، دەمداچەقاو، دەمبەستراو، دەمخاو، زمان لە دەمیدا نییە، زمانی بەستراوە).

٩- باری دەروونی و هەست و نەست و شڵەژان و هەڵچوونی مرۆڤ لە (ڕوو)یدا دەردەکەوێت، بۆیە کاتێک کەسێک زۆر بترسێت دەڵێن (ڕەنگ بەڕوویەوە نەما)، یان ئەگەر کەسێک بێشەرم بێت، دەڵێن (ڕووی قایمە)، هەروەها ئەگەر تووڕە بێت، یان دڵی تەنگ بێت، دەڵێن (ڕووی گرژە، ڕووی ناخۆشە).

(ڕوو)، یان (ئاوی ڕوو/ ئابڕوو) لە زمانی کوردیدا بە واتای کەسایەتی و بەهای کۆمەڵایەتیی تاکیش دێت. ڕوو (ئەو وێنە ئاشکرایەی تاکە، ئاماژەیە بۆ واتای سۆزداری و کۆمەڵایەتی، کە هەموو تاکێک هەیەتی و گریمانەدەکات هەمووان بیزانن) (YULE, 1996, p60). ڕوو شتێکی بەدەستهاتووی سۆزدارییە، دەکرێت لەدەست بدرێت، یان پارێزگاریی لێ بکرێت، یان باشتر بکرێت (هیوا احمد، ٢٠٢٢، ل٨٠). ئەوەی ڕووی مابێت، واتە کەسایەتی و بەهای کۆمەڵایەتیی پارێزراو بێت، پێی دەگوترێت (ڕوودار، ڕووسوور، ڕووسپی) بەپێچەوانەوە

دەبێتە (بێئابڕوو، ڕووڕەش، ڕووزەرد...).

١٠- (پشت) ئەندامی دیوی دواوە و ڕاگری بەشێکی زۆری جەستەیە. لەبەرئەوە وشەکانی (پشت، پشتیوان، پاڵپشت، پشتگرتن، پشتگیری، پشتپێبەستن، پشتئەستوور)، واتە بارکراوەکەیان بریتییە لە هێز و لایەنی یارمەتیدەر. بەپێچەوانەوە (پشتشکان، پشتلێکردن، پشتتێکردن، پشتبەردان)، واتای نەمان، یان وازهێنان لە یارمەتیدان و جێهێشتینی یار و هاوڕێ دەدات.

١١- (زراو)، بە واتای (کیسەی زەرداو) دێت. لە جیهانبینیی کورددا ئەندامێکە وابەستەی هەستی (ترس)ـە. باوەڕ وایە، کە ترسی زۆر و لەناکاو دەبێتە هۆی ڕژانی زراو، بۆیە دەگوترێت (زراوم ڕژا، زراوم چوو، زراوم تەقی، زراوم نەما). کاتێک کەسێک کەسێکی تر دەترسێنێت، دەگوترێت (زراوی برد، زراوی تەقاند..).

١٢- (مل و گەردەن) شوێنی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتین، بۆیە دەگوترێت (گەردەنم ئازاد بکە، ئۆباڵت بە گەردەنم، ئۆباڵت بە ملم، تۆ وا بکە لە ملی من، گەر وا نەبوو ملی من بگرە..)، ئەوەشی بەرپرسیایەتی هەڵنەگرێت، یان هیچ بەرەنگارییەکی نەبێت، پێی دەڵێن (ملشۆڕ، ملپان، ملکەچ، ملحیز، ملی لە موو باریکترە).

١٣- (ناوچەوان، نێوچاوان، ناوچاوان)، یان (تەوێڵ) شوێنی تایبەت بە بەختە، بۆیە دەگوترێت (هەر کەس نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات)، کەسێک ببێت بە تووشی یەکێکەوە، واتە وا پێویست بکات لەگەڵی بژیت، یان لەگەڵی کاربکات، دەڵێن (بووە بە تەوێڵییەوە)، واتە بەختەکەی ئەوەی بۆ هێناوە. ئەوەی بەختی باش بیهێنێت، یان کەسێکی وا بێت ئەوانی دوروبەری خێر لە دەست و لە بوونی ببینن، یان خۆی باشی بۆ بێت، پێی دەڵێن (ناوچەوانی هەیە، ناوچەوانی باشە، خێر بە ناوچەوانییەوەیە...)، بەپێچەوانەوە پێی دەگوترێت (ناوچەوانی نییە، نان بە ناوچەوانییەوە نییە، ناوچەوانی سێزدەیە (ژمارەیەکی شوومە)، بێ شانس و ناوچەوانە...).

**پەراوێز:**

(١) ئۆلیسی ئەلدرۆڤاندی، زیندەوەرزانی پۆڵەندی ١٥٢٢.

**سەرچاوەکان:**


١- قورئانی پیرۆز، تەفسیری ئاسان، (برهان محمدامین).

٢- دۆن میگیل ڕۆیز(٢٠١٨)، چوار ڕێککەوتن، و: لەنیا حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٣- شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩)، ئیدیۆم- چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کودۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤- میشێل فوکوو (٢٠١٦)، وشەکان و شتەکان (ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆییەکان)، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٥- هیوا احمد عصاف و عمر احمد عبدالرحمان (٢٠١٣). ڕۆڵی ناوی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە زمانی کوردیدا، مجلة الاستاذ، العدد (٢٠٦)، جامعة بغداد، كلية التربية - ابن رشد.

٦- هیوا احمد عصاف (٢٠٢٢)، بنەمای پراگماتیکی لە زمانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان.

٧- محمد حسن عبدالعزيز، (١٩٩٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفكر العربي، القاهرة.

٨- م. م. لويس، (٢٠٠٣)، اللغة في المجتمع، ت. تمام حسان، عالم الكتب، القاهرة.

9-YULE, GEORGE (1996). Pragmatics, First published, Oxford University Press.

10-Sire, JAMES W.(2015). NAMING THE ELEPHANT-WORLDVIEW AS A CONCEP, 2ND EDITION, IVP Academic, USA.

11-Kramsch, Claire Kramsch (2009), Language and Culture، Oxford University Press, Sixth Published, China.